کەشناسی هەرەمی: سبەی نمە باران دەبارێت



کەشناسی هەرەمی کوردستان دەڵێت، پێشبینی دەکرێت سبەی نمە باران ببارێت و زیاتر لە ناوچە شاخاوییەکان دەبێت.

کەشناسیی هەرەمی کوردستان بڵاویکردەوە سبەی یەکشەممە "ئاسمان نیمچە هەور دەبێت و هەندێکجار دەگەڵ بە هەوری تەواو. ئێگەری بارینی پرووشباران هەیە، بەتایبەتی لە ناوچە شاخاوییە سنووریەکان."

دەستەی کەشناسی عێراقیش دەڵێت سبەی یەکشەممە کەشوهەوا ساماڵ دەبێت لەگەڵ هەندێك هەور لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور لەگەڵ زیادبوونی خێرایین، هەروەها نیمچە هەور بە هەوری تەواو لەگەڵ ئێگەری بارانبارین لە بەشەکانی باکووری ناوچەی باکوور و پلەکانی گەرما بەرز دەبنەوە و کەمێك کەمتر لە ڕۆژی پێشوو لە هەموو ناوچەکانی وڵاتدا. هەروەها وتی: کەش و هەوای ڕۆژی دووشەممە ساماڵ دەبێت لەگەڵ هەندێك هەور لە ناوچەی ناوەڕاست، نیمچە هەور بە هەوری تەواو لەگەڵ هەورەبروسکە لە شوێنە جیاوازەکان لە ناوچەی باکور، هەروەها لە ناوچەی باشووریش ساماڵ دەبێت، بەڵام پلەکانی

گەرما بە بەراورد بە ڕۆژی پێشوو چەند پلەیەك دادەبەزن. ئاماژەی بۆشکرد: ڕۆژی سەشەممەی داهاتوو کەشوهەوا ساماڵ دەبێت لەگەڵ هەندەك هەور لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور، هەروەها نیمچە هەور دەبێت لەگەڵ ئەگەری بارانبارینی پەرشوبڵاو لە ناوچەی باکور، و پلەکانی گەرما هاوشێوەی ڕۆژی پێشوو دەبێت لە ناوەڕاست و ناوچەکانی باکوور و پلەکانی گەرما کەمێك لە ڕۆژی پێشوو لە ناوچەی باشوور دادەبەزن.